# سەفەرێك بەرەو مردن

**عومەر جەلال_چەمچەماڵ**

لێوان لێوم لە گومان

پڕاو پڕم لەترسەکانی عەشق

**نامۆم بە گەمەکانی منداڵی**

**خاڵیم لەبەرا ئەتی پەپولەو ئومێدی تەڕ بوونی بەر باران**

ڕەشبینم بە ئایندەم کەبۆنی وەهمی لێ دێ

یاخی دەبم تا نزیك کەنارەکانی مەرگ

مەرگێك کەژیانم پێدەبەخشێ

ئاه ....

چەند ئەستەمە ژیان

هاواری عاشقێ ناتوانێت لە دەرگای حەقیقەت بات

ئەی مردن

من یادەوەریم دەبەخشم بە(با)

تۆ نیگایەکم لە دۆزەخ پێ ببەخشی

منداڵیم دەبەخشم بەگەورەبوون

تۆ بەهارت بێنیتە ناو وەرزەکانم

ئەی مردن

من دەتوانم ڕاڤەی ئاوت بۆ بکەم لە ساتی ڕۆشتن دا

ناسکی گوڵت پێبناسێنم لە ساتی

وەرین دا و سەخیفی ژیانت نیشان دەم

مردن

ئەی دواین هاوریێی ژیانم

تۆ بە خشندەی وەکو شیعر

تۆ جوان تری لەو رۆژانەی نەیان توانی بمسپێرن بە بەختیاری

دەنگی دلۆپە ئاوێك بەسە بۆ دلدانەوەی تەنیای باخچەیەك

خامۆشم چوون زەردی تیشکی رۆژ

بمکە بە هاورێی خۆت ئەی مردن

تۆ خاوەن میهری کاتێك باوەشمان بۆ دەکەیتەوە

مردن

هێند مەزنی باڵەکانت لە باڵی ئاسودەی دەچێت

رەنگت هێند ئەرخەوانییە

لە ئێوارەی مەست بوونم دەچێت

مردن

دەنگت هاوتای دەنگی بێ دەنگییە

منیش بە ئەندازەی عەشق کاڵ بوومەتەوە

بەکەڵکی ژیان نەماوم

چەند نەگریسە ژیان

چەند قەشەنگە مردن

omargalal2004@yahoo.com